# رازنـــه دركانـــــدن

یا

# شاردنەوەی نهێنی

ئامادەكردنی

## حەسەنی پێنجوێنی

چاپی یەکەم

ساڵی 1423ك – 2002 ز

خوێنەری بەڕێز!

خوا لەسوورەتی الأحزاب دا دەفەرموی: (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ "). واتە : بێگومان لە پێغەممەری خوادا سەرمەشقی جوانتان بۆهەیە . هەروەك لای هەموان روونە ژیانی پێغەممەریخۆشەویستمان ﷺ هەمووی پەندو دەرس و ئامۆژگارییە بۆمان، كەوابوو با بەوردی ژیانی خۆی و هاوەڵە دڵسۆزەكانی بخوێنینەوە و ژیانیان بكەینە سەرمەشق بۆ ژیانمان.

# رازنــــه درکانـــــدن

**یا**

**شاردنەوەی نهێنی**


**نووسینی**

**محمود شیث خطاب**

**وەرگێڕانی بەدەستکارییەوە**

**حەسەنی پێنجوێنی**



چاپی یەکەم

ساڵی 1423ك – 2002 ز


**بسم الله الرحمن الرحيم**

" وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الأَمْنِ أَوْ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ، وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُوْلِي الأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ، وَلَوْلا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لاتَّبَعْتُمْ الشَّيْطَانَ إِلاَّ قَلِيلاً."

سورة النساء/83.

وَقَالَ رَجُلٌ مُؤْمِنٌ مِنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَانَهُ: أَتَقْتُلُونَ رَجُلاً أَنْ يَقُولَ: رَبِّي اللَّهُ؟ وَقَدْ جَاءَكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ مِنْ رَبِّكُمْ، وَإِنْ يَكُ كَاذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُ، وَإِنْ يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُمْ بَعْضُ الَّذِي يَعِدُكُمْ، إِنَّ اللَّهَ لا يَهْدِي مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ."

سورة غافر/28.

## پێشەکی:

خوشك وبرایانی موسڵمان هەروەك لای هەموان روون ە ئەمانەت لەئیسلاما بایەخێکی زۆری پێدراوە، و هەرنهێنی یەکمان لا دانرا ئەوە ئەمانەتە، و دەبێ پارێزگاری لێ بکەین وئاشکرای نەکەین ، تا زیان بەخۆمان وخاوەن ئەمانەتەکەش نەگەیەنین .

بابەتی ئەم ئەڵقەیەمان لەزنجیرەی ئاراستەو پەروەردە بریتییە لە (کتْمان)، کەتمان وشـەیەکی عەرەبیە و لەو زمانـەدا بە واتای شاردنەوە دێت، کە دەڵێن: (كَتَمَ السِّرَّ، أي: أخفاهُ)واتە: نهێنییەکەی شاردەوە، هەر لەبەر ئەوەبوو حوزەیفەی یەمانی (حذيفة اليماني ) پێی گوتراوە (كاتِمُ سِرِّ النبي) خوا لێی رازی بێ واتـــە: رازگـــری پێغەممەر ﷺ چونکە نهێنییەکانی پێغەمـەری شاردۆتەوە .

بۆئەم باسە سوود لەکۆمەڵێ کتێب وەرگیراوە، گرنگترینیان (الكتمان) نامیلکەیکی بچکۆلەو بەسوود دانلراوی مامۆستا (محمود شيث خطلب ) بوو، بۆیەش نووسیم وەرگێرراو بەدەستکارییەوە چونکە هەندێ شتم لەملاولاوە هێنابوو کە بەپێویستم دەزانی هێنانیان، واتە: بەشی هەرە زۆری لەو نامیلکەوەیە .

ئەم باسەی بەردەستت لەساڵەکانی هەشتادا نووسراوە، و لەو کاتەدا هەموو کارێکی رێکخراوەیی یاسـ ـاغ بوو، لاوانی تازە پێگەیشتووی ئەو کاتە پێویستیان بەرێنوێنی هەبوو ، تا قسەو باسێکی پەیوەندی دار بە کاریانەوە باس نەکەن، و ئەوەی رازە نەیدرکێنن. وا ئێستاش سـوپاس بۆ خوا ئازادی تـەواو هـەیە، و کاری ژێر زەوینی نەماوە، و پەیامی ئیسلام بەرادیۆ و تەلەفـزیۆن و رۆژنامە بەخەڵکی دەگات، بەڵام پاراستنی راز و شاردنەوەی نهێنی وەنەبێ تەنیا بـۆ کاری رێکخستن بێ و بەس، بەڵکو پێویستی هـەموو سەردەمێك و بەشی زۆری گۆشەکانی ژیانە . بەپێویستـمان زانی ئەوە بیری خۆمان و برایانمان بخەینەوە کە زۆر پێویستە رازی خۆمان و کۆمەڵ نە درکێنین، چونکە راز درکاندن دەبێتە هۆی هەزارەها دەرد و کێشەی گەورە گەورە.

بۆ نموونە : هەر بەهۆی قسەیەکەوە بوو هـەزاران موسڵمان کرانە زیندان و سیاچاڵەکانەوە، و سەدان خێـزان بێ سەرپـەرشت و سەدان منداڵ بێناز و برسی بوون، و دەیان پاڵەوان لـەژێـر سزاو ئەشکەنجەدا شەهید کران، و ژنیان بێوەژن و دایکیان جەرگبڕاو بوو. هەرچەند شەهادەت لەجێی خۆیا گەورەترین ئاواتی موسڵمانە بەڵام بۆچ بەهۆی قسەیەکی من وتۆی موسڵمانەوە ئەو هەموو زیانە روو بدات، کەدەبوا روو نەدات .

هیوادارم بۆ ئەم قۆناغەشمان بەسوو دبێ وخوایش نییەتمان ساف و مەبەستمان خاوێن بکات و بۆمان بکاتە زەخیرەی پاشە رۆژ إنه نعم المولى ونعم النصير.

حەسەنی پێنجوێنی

2001 – 5 – 5

بسم الله الرحمن الرحيم

پاش داواکردنی بارانی رەحـمەت بۆ سەرگـیانی پاکی پێغەممەر ﷺ و هاوەڵە دڵسۆزوکانی .

خوێنەری هێژا پێغەممەری خۆشەویست ﷺ فـەرموویەتی: (استعينوا على قضـاء الحاجات بالكتمان )، بەهۆی کەتمانەوە کارەکانتان جێبەجێ بکەن، واتە : کاتێ ویستان کارێ بەجێ بێنن با مــەبەستــەکە لـەدڵی خۆتاندابێت و رازتان ئاشکرا مەکەن.

ئیمام عە لیش خوا لێی رازیبێ گوتوویەتی : رازەکەت تا نهێنیبێ یەخسیری تۆیە، کە ئاشکرات کرد تۆ دەبیتە یەخسیری .

وە هەروەها عومەری کوڕی عەبدولعەزیز رەحــمەتی خوای لێبێ گوتوویەتی: دڵ گەنجینـەی نهێنییەکانـە، و لێو قوفڵەکەیەتی، و زمانیش کلیلیەتی، با هـەرکەس ئاگای لە کلیلی نهێنییەکانی بێ .

پێشینانیش گوتوویانە : دەم بوەستێ سەرسەلامەتە .

بۆ ئەوەی لەو بارەوە شارەزایی زیاترمان هەبێ ، وەرە با پێکەوە سەرێك لە گوڵزاری ژیانی پێغەممەر ﷺ و هاوەڵەکانی بدەین، تا لەوێدا گوڵچنێ بکەین و لەو قوتابخانەیەدا چەند وانەیەك بخوێنین.

## وانەی یەکەم:

**لەمانگی رەجەبی ساڵی دووەمی کۆچیدا پیغەممەر ﷺ لقیك (سریە) لە هاوەڵەکانی خۆی بەسەرۆکایەتی (عەبدوڵلاَی کوڕی جەحش )نارد بۆ دەوری مەدینە تاهەواڵی ئەو ناوچەیە بگەیەنن بە پیغەممەر ﷺ.**

**لەم رووداوەدا پیٚ غەممەر ﷺ بەم جۆرەی خوارەوە شاردنەوەی نهێنی بەکارهێنا : نامەیەکی پێچراوەی بە سەرلقەکە داو فەرمانی پێکرد پاش رۆیشتنی دووڕۆژ ەریٚ نامەکە بکاتەوە . پاش ئەوە کە دوو رۆژە ریٚ رۆیشتن نامەکەی هەڵچڕی و سەیری کرد نووسراوە : کەسەیری ئەم نامەیەت کرد بڕۆ تا دەگەیتە (نەخلە)[1]، لەوێدا چاودێری هەڵس وکەوتی قوڕەیشەکان بکە و هەواڵیان بزانە بۆمان .**

**ئەویش هاوڕێکانی تێگەیاند کە پیٚ غەممەر ﷺ فەرمانی پێکردووم بەزۆر کەس لەگەڵ خۆما نەبەم، کیٚ تامەزرۆی شەهیدییە بابێت لە تەکما، ئەوانیش کەسیان لیٚ دوا نەکەوت، هەموو لەتەکیا رۆیشتن بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە [2].**

**بەم روداوەدا دەردەکەویٚ کە پیٚ غەممەر ﷺ یەکەم کەس بووە نامەی پێچراوەی بۆشاردنەوەی نهێنی بەکار هێناوە، تا دوژمن لە رازی ئاگادار نەبن. لەم رووداوەدا دەبینین پیٚغەممەر ﷺ مەبەستی خۆی لە دۆست و دوژمن شاردۆتەوە، پاش س یانزە سەدە ئینجا ئەڵمانەکان نامەی پێچراوەیان لەجەنگی جیهانی دووەمدا بەکارهێنا.**

**رۆژئاواییەکان دەڵێن: ئەڵمان یەکەم کەسن بۆ شاردنەوەی نهێنی نامەی پێچراوەیان بەکارهێناوە . دەڵێین: ئەگەر ئەڵمانەکان خۆیان ئەمە بڵێن تا ئەندازێك حەقیان ە، بەلاَم ئەگەر موسڵمانێك ئەمە بڵیٚ جێی دا خ ە، و زۆرحەیفە هەندیٚ کەس زرق وبرقی رۆژئاوا وایان لێبکات نەتوانن مێژووی خۆیان ببینن و وەك تووتی قسەی ئەوان دووبارە بکەنەوە، چونکە حەق وایە مرۆڤ مێژووی خۆی بزانیٚ..**

---

[1]- شويَنيَكة لةنيَوان مةكةو تايفدا.

[2]- سيرة ابن هشام/ الجزء الأول /سرية عبد الله بن جحش. و الروض الأنف/ الجزء الثالث سرية عبد الله بن جحش. والمغازي/ الجزء الأول /سرية نخلة.

## وانەی دووەم:

**(أ)**- لەکاتێکدا ئەبوبەکر خـوا لێی ر ازی بێ ویستی بانگەوازی ئیسلامی بە بیلالی حەبەشی بگەیەنێت، نەڕۆیشت لەناو کۆمەڵ دا و لەبەرچاو خـەڵکیدا پێی بڵێ، بەڵکو شەوی هەڵبژارد بۆ ئەو مەبەستە، لەنیوەی شەودا و زۆر بە نهێنی رۆیشت بیلالی نوستووی خەبەرکردەوە، باسەکەی بۆکرد و هەواڵەکەی پێگەیاند، ئەوە بوو ئەویش موسڵمان بوو.

ئەبوبەکر شەوی هەڵبژارد تا نهێنی پەیامەکەی ئاشکرا نەبێ و خۆی لە چاوی تیراوی دوژمن بپارێزێ . بائێمەش سوود لەم رووداوە وەربگرین، چونکە ناحـــەزان هەوڵ دەدەن ریسی تۆ بە خوری بکەنەوە و رەنجت بەزایە بدەن .

**(ب)**- لەکاتێکدا ئەبوو زەڕی غەفاری هەواڵی پەیدا بوونی ئیسلامی پێگەیشت هات بۆ مەککە تا بزانێ راستە کە پێغەمەر ﷺ خـەڵکی بۆ ئیسلام بانگ دەکات و دەڵێ: قورئانم بۆ هاتووە؟ نان و توێشووی هەڵگرت و کەوتەڕ ێ، شەوێك لە مەککە مایەوە چونکە پێغەممەر ﷺی نـەئەناسی بە مەبەست ی خۆی نەگەیشت و لە کەسیشی نەپرسی، حەزرەتی عەلی هات بۆ کەعبە و دیتی ئەمە



پیاوێکی غەریبە، بەڵام خۆی تێنەگەیاند و هیچی لێ نەپرسی، بۆ رۆژی دوایی عەلی هات بۆ مزگەوت و هەمان پیاوی دی، هیچ قسەی نەکرد و ئەویش هیچ هەواڵێکی لەم نەپرسی، بۆرۆژی سێیەم عەلی هاتەوە بـۆ مزگەوت و دیتی هەمان پیاوی غەریب لەوێیە،
حەزرەتی عەلی دەڕ واتە نزیکیەوە و لێی دەپرسێ: ئەرێ پێم ناڵێی چی تۆی گەیاندۆتە ئێرە؟ ئەویش دەڵێ: ئەگەر پەیمانم دەدەیتێ رێنموونیم بکەیت پێت دەڵێم . حەزرەتی عەلی پەیـمانی دەداتێ و ئەویش هەواڵی خۆی بۆ باس دەکات.

حەزرەتی عەلی پێی دەڵێ : بـەڵێ ئەو هەواڵەی تۆ بیستووتە راستە و محمد ﷺ پێغەممەری خودایە . کاتێ خۆر ئاوا بوو من نزیکی ئەم ناوە دەبـــمەوە، کاتێ منت دی دوور و نـزیك شوێنـــم بکەوە، ئەگەر شتێکم دی مەترسیدار بوو بۆتۆ ئەوا من خۆم لار دەکەمەوە وەك ئەوە دەست بەئاو بگەیـەنم، ئەگەر رۆیشتـم تۆیش شوێنم بکەوە تا دەگەینە ئەو شوێنەی من تێی دەچم .

بەڵێ، عـــەلی کەوتەڕێ و ئـەبووزەڕ دوورو نزیك کەوتەشوێنی تا گەیشتنە لای پێغەمـمەر ﷺ و لەوێ ئیمانی هێنا.[3]

---

[3]- سەیرێکی بوخاری بکە كتاب المناقب/ بَاب قصةِ زَمزم، برقم: 3261. ومسلم كتاب فضائل الصحابة/باب من فضائل أبي ذر، برقم: 4521.

## وانەی سێیەم:

لەکاتێکدا ژما ڕەی موسڵ مانان لەمـــەککەدا زۆر کەم بوو ئەبوبەکر خوا لێی رازیبێ داوای لەپێغەمـــمەر ﷺ کرد کە ڕێی بدات بەئاشکرا لەمزگەوتی کەعبەدا خەڵکی بۆ ئیسلام بانگ بکات، پێغەممەر ﷺ فەرمووی: ئێمە زۆر کەمین - لەو کاتەدا ژمارەیان(38)کەس بوو- بەڵام ئەبوو بەکر لەسەر داواکەی خۆی سور بوو، پێغەممەریشﷺ ڕێی پێدا.

کاتێ ئەبوبـەکر قسەی بۆ دەکردن هێ رشیان بردەسەری و دەستیان بەلێدانی کرد، ئەوەندەیان لێدا تابێهۆشیان خست، لە جلێکا هەڵیان گرت وبردیانەوە بۆ ماڵ، ئەو ڕۆژە تا دەماو دەمی ئێوارە قسەی بۆ نەکرا، کاتێ هاتە قسەو گوتی بەدایکی: پێغەممەر ﷺ چی کرد؟

دایکیی بە نازانم وەڵامی دایەوە . ئەبوبەکر گوتی : دە بڕۆ



بۆماڵی (ئوم جەمیلی کچی خەتتاب )و لەو بپـرسەو هەواڵم بۆ بێنەوە..

کە رۆیشتە لای ئوم جەمیل گوتی : ئەبوبەکر دەیەوێ هەواڵی موحەممەدی کوڕی عەبـدوڵلای بۆ بنێری . (ئۆم جـەمیل) گوتی: من لەو مەسەلە بێئاگام، بەڵام ئەگەر پێت خۆشە دێم لەگەڵتا بۆ لای ئەبو بەکر؟ ئەویش گوتی : باشەو لەگەڵیا رۆیشت، کەچوونەلای ئەبو بەکر دیتی وا لەناو جێدا کەوتووەو زۆر پەرێشانە، بە دەنگی بەرز هاواری کرد و گوتی : وەڵلاً ئەوانەی تۆیان ئازارد اوە کافرو بێبەزەیی بوون، هیوادارم خوا تۆڵەی تۆیان لێبسێنێت .

لێرەدا ئەبوبەکر لە (أم جميل)ی پرسی: ئوم جەمیل! پێغەممەر ﷺ چۆنە؟ ئەویش گوتی : ئەوە دایکتە گوێی لێیە . گوتی: لەدایکم مەترسە. ئەویش گوتی: سوپاس بۆ خوا بێ وەیە و هیچی خراپی تووش نەبووە.

خوێنەری هێژا بیر لەو هەڵوێستەی ئوم جەمیل بـکەوە کە لەو کاتەدا تازە موسڵمان بووبو، چۆن بە جـوانی پـارێزگاری لەو نهێنییە کرد و نەیویست ئەو رازە بدرکێنێ چونکە دایکی ئەبو بەکر هێشتا موسڵمان نەبووبوو..

## وانەی چوارەم:

لەمانگی موحەررەمی ساڵی چوارەمدا   هەواڵ بە پێغەممەر ﷺ گەیشت کە( تەڵحەو سەلەمەی کوڕانی خوەیلید ) هۆزەکەی خۆیان (هۆزی بەنی ئەسەد   )  هاندەدەن تاهێرش بکەنە سەر مەدینەو تالآنی بکەن،  کاتێ پێغەممەر ﷺ بەمەی زانی بەسەرۆکایەتی  (ئەبو سەلەمە)  لقێکی لە هاوەڵە کان ناردە سەریان بۆ تەمبێ کردنیا    ن، لقەکەیان بریتی بوو لەســەدو پەنجا کەسی سوار        ە  و  پیادە، فەرمانی پێدان بــەشەو بڕۆن و بەرۆژ خۆیان حەشاربدەن   و لا رێ بگرن بۆ ئەوەی کەس پێیان نەزانێ، هەتا دەدەن بەسەریاندا .

هاوەڵەکان فەرمانەکەی پێغەممەر ﷺ یان بەجێ هێنا، تادایان بەسەریاندا پێیان نە   زانین، لەبەرئەوە شپرزەبوون و خۆیان بۆنەگیراو هەڵهاتن.[4].

ئەبو سەلەمە لقەکەی کردە دوو بەشەوە بەشێکی نارد تابکەونە شوێن هەڵهاتووەکان، و بەشەکەی تریشیان دەسکەوتەکانیان کۆ دەکردەوە.

---

[4]- البداية والنهاية 4: محرم  سنة أربع من الهجرة

پاش فەزڵی خوا سەرکەوتنە  کەیان دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئەو شاردنەوە   ی نهێنییەی ئەنجامیان دا، ئایا بەوجۆرە سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا ئەگەرخۆیان ئاشکرا بکردایە؟

## وانەی پێنجەم:

لە مـــانگی  (رەبیعی یەکەمی )  ساڵی پێنجەمدا هەواڵ گەیشت کە دەستەیەك لە عەرەبە دەشتەکییەکانی بیـابان لە      (دەومەتول جەندەل)دا کۆبوونەتەوە، و رێگەیا   ن گرتووە و دەیانەوێ خەڵکی رووت بکەنەوە، و نیازیشیان وایە بدەن بەسەر مەدینەدا .

پێغەممەر ﷺ بەخۆی و هەزار کەسەوە کەوتنە رێ، بەشەوا دە ڕۆیشتن و بەرۆژدا خۆیان پەنا دەدا تا گـەیشتنە ئەوێ،       [5]کاتێ مـــوسڵمانان گەیشتنــەجێ ناودێ کــەسی تیا نەما بوو،      لەترسا ناودێیان چۆڵکردبوو هەڵهاتبوون،

پاش ئەوە کەچەند رۆژێ لەو ناوچەیەدا مانەوە و هیچ نەبوو بە سەربەرزییەوە گەڕانەوە ..

---

[5]- سيرة ابن هشام  /الجزء الثاني/ غزوة دومة الجندل . دەومەتول جەندەل شوێنێکە لەنێوان مەدینەو دیمشقدا، لەدیمشقەوە پێنج رۆژدوورە، و لە مەدینەشەوە  پانزە رۆژ      .( تهذيب سيرة ابن هشام/214).

ئەگەر موسڵمانان هەواڵی خۆیان نەشاردایەتەوە زۆر نزیك بوو ئەوان خۆیان قایم بكردایە، و سەنگەری پتەویان دروست بكردایە، و بەرەنگارییەكی گەورەی موسڵمانانیان بكردایە، و زیانێكی زۆریان لێبدانایە..

## وانەی شەشەم

لەمانگی شەووالی ساڵی پێنجەمی كۆچیدا دوژمنانی ئیسلام لە خیڵەكانی قورەیش وغەتەفان و ئەشجەع و سولەیم بەنی ئەسەد بە دە هەزار كەسەوە هاتن و گەمارۆی مەدینەیان دا، ئەم رووداوە لە مێژوودا بە جەنگی ئەحزاب یاخەنـدەق ناو دەبرێ،خێڵی بەنی قورەیزە ( **بني قريظة**) لە جووەكانی مەدینـــە بوون، هاو پەیمانی پێغەممەر بوون، بەڵام كاتێ ئەم ســوپایەیان بینی پەیمانەكەیان هەڵوەشاندەوە و بوونە لایـــەنگری دوژمنانی ئیسلام، موسڵمانان كەوتنە ناهەمـوا ر ترین تەنگانەوە، ژمارەی شەڕكەریان لە سێ هەزار كەس تێپەڕ نەدەبوو، لەم لایشەوە بەنی قورەیزە پەیمانیان شكاندووە و دەیانەوێ لەپشتەوە خنجەریان لێبدەن ..

كاتێ پێغەممەر ﷺ هەواڵەكەی بیست وەفدێكی لە سەرۆكانی ئەوس و خەزرەج نارد بۆلای بەنوو قورەیزە تا بە تە واوی دڵنیـابێ لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەكەیان، و فەرمووی ئەگەر پەیمانەكەیان شكاندبوو لەكاتی گەڕانەوەتاندا بەروونی باسی مەكەن، تاموسڵمانان ورە بەرنەدەن، و ئـەگەر درۆیش بوو بە ئـــاشكرا باسی بكەن، تاموسڵمانان پێی دڵخۆش ببن ..

كاتێ خەندەق تەواوبوو خۆیان باش قایم كرد پێغەممەر ﷺ هــەواڵی پەیمان شكاندنەكەی بەنی قورەیزەی پێدان، تا بەوپەڕی تواناوە بەرگری لەخۆیان و ئاینەكەیان بكەن .

ئالەم كاتەدا كەدوژمن ئابلۆقەی مەدینەی دابوو، مـوسوڵمانان لەو پەڕی شپرزەیی و نارەحەتیدا بـوون، خوای باڵادەست وێنەیەكی ئەو دیمەنەمان پێشچاو دەخات و دەفەرموێ:

(إِذْ جَاءُوكُمْ مِنْ فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنْكُمْ، وَإِذْ زَاغَتْ الأَبْصَارُ وَبَلَغَتْ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ، وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَ، هُنَالِكَ ابْتُلِيَ الْمُؤْمِنُونَ، وَزُلْزِلُوا زِلْزَالاً شَدِيدًا، وَإِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ: مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلاَّ غُرُورًا،وَإِ ذْ قَالَتْ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ: يَاأَهْلَ يَثْرِبَ! لا مُقَامَ لَكُمْ فَارْجِعُوا، وَيَسْتَأْذِنُ فَرِيقٌ مِنْهُمْ النَّبِيَّ، يَقُولُونَ : إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ، وَمَا هِيَ بِعَوْرَةٍ، إِنْ يُرِيدُونَ إِلاَّ فِرَارًا."[6].

---

[6]- سورة الأحزاب/10-13.

واتە: بیر بکەنەوە کاتێ دوژم ن لای سەروخوارتانەوە هات بۆتان و لەو کاتەدا چاوەکان ئەبلَق ببوون و دلّەکان لەو پەری لێداندا بوون، و چندەها گومان بەخودا دەبرا، مونافیقەکان بەخراپەو ئیمانداران بەچاکە، ئیمانداران لەویادا تاقیکرانەوە، و بەتوندی هەژێنران، و کاتێ مونافیق و دلّنەخۆشەکان دەیا نگوت: خواو پێغەممەرەکەی وەعدەی بەتالّیان پێداین !! وە کاتێ کۆمەلّێکیان دەیگوت: یەسریبی (يثربى)یەکان جێتان لێرە نییە، بگەڕێنەوە بۆ ناو مالّ و منالّتان، وە هەندێکیان داوای ئیزنیان لە پێغەممەر دەکرد رێگەیان بدات مەیدان چۆلّ بکەن و بگەڕێنەوە بۆ مالّ ، بەو بیانووەی کە مالّەکانیان قایم نییەو ناتوانن بیانپارێزن، خوایش دەفەرموێ: لەبەرئەوە نییە مالّەکانیان قایم نییە، تەنیا دەیانەوێ هەلّبێن..

خوێنەری بەرێز! ئەو حالّەی موسلّمانان بێنەرە پێ شچاوی خۆت و بزانە لە چ نارەحەتییەکدا بوون، ئا لەم کاتەدا پیاو ێك بەناوی (نوعەیم ی کوڕی مەسعود ) لە هۆزی غەتەفان هات موسلّمان ببێ، و گوتی: ئەی پێغەممەری خوا! کەس نەیزانیوە کە موسولّمان بووم، چ فەرمانێکم پێدەدەیت تا ئەنجامی بدەم؟

لەوە پێش دۆستی قورەیشەکان وجێی متمانەی بەنی قورەیزە بوو، پێغەممەر ﷺ رێی پێدا چی لەدەست دێت بۆ شپرزە کردنیان بیکات، شەڕیش چاو و راوە.

نوعەیم رۆیشت بۆ لای بەنی قورەیزە و پێی گوتن : قسەیەکتان بۆ دەکەم بەمەرجێ ناوم نەبەن و پەیمانم بدەنێ بەلای کەسەوە باسی نەکەن. پاش ئەوەی پەیمانیان پێدا ووتی : ئێوە باش دەزانن بەنو نەزیر و بەنو قەینوقاع (بنونضير و بنو قينقاع) بە دەست ئەم پیاوەوە(مەبەستی پیغەممەر بوو ) چیان بەسەر هات، ئێستاش ئێوە خەلّکی ولاّتن و مالّ و سامانتان لێرەیە ئێوە بەقسەی قورەیشەکان دەستخەڕۆ مەبن، ئەوان ئەگەر تالاّنیان وە دەستکەوت ئەی بەن، ئەگەر نەبوو ئەڕۆن و بەجێتان دێلّن، بەلاّم زەرەرەومەندی بۆئێوە دەمێنێتەوە، منیش دەمەوێ ریشی خۆتان نەخەنە دەست قورەیش و بەقسەی لووسیان هەلّنەخلّەتێن، تا حەفتا پیاویان لەلاتان بەبارمتە دانەنێن مەبنە شەریکی شەڕیان، تادوایی بەرچەپۆکی ئەو پیاوە نەکەون، ئەوانیش هەمو ویان رەئیەکەی نوعەیمیان پەسەند کرد.

ئینجا رۆیشت بۆلای قورەیشییەکان و سەرۆکەکانیانی کۆکردەوەو پێی گوتن : خزمینە! قسەیەکی زۆر نهێنیتان بۆدەکەم بەو مەرجەی کەس لێتان نەبیستێ، گوتی : هەروەك بۆم

دەركەوتووە بەنی قورەیزە لەپەیمانەكەیان لەگەڵ ئێوەدا پەشیمان بوونەتەوە، و لەژێرەوە لەگە ڵ موحەممەدا ڕێكەوتوون، كە : بەناوی بارمتەوە حەفتا كەس لە پیاوانی قورەیش گل بدەنەوە، و پاشان تەسلیمی موحەممەدیان بكەن، لەپاداشتی ئەو كارەیاندا ئەویش رێ بە جووەكانی (بنونضير) بدات بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، جا بۆ ئەوەی نەخڵەتێن و دەستان بەتێزابدا نەچێت ئاكادارم كردن، ئێوەش ئاگاتان لە خۆتان بێت . هەروەها رۆیشتەوە ناو هۆزەكەی خۆی و ئەوانیشی تێگەیاند.

ئەبوو سوفیانی سەرۆكی ئەوسەردەمەی قورەیش چەن د كەسێكی نارد بۆلای بەنوقورەیزە و داوای لێكردن كە بەیانی رۆژی شەممە ئامادەبن دەست بەشەڕ دەكەین، ئەوانیش وەڵاّم یان دانەوە كە: یەكەم: سبەینێ شەممەیە ئێمە ناتوانین دەست بەكاربین .

دووەم: دەبێ حەفتا كەسمان بەبارمتە لا دابنێن ئەوسا ئێمە لە شەڕەكەدا هاوكارتان دەبین .. كاتێ غەتەفان و قورەیش ئەم هەواڵەیان پێگەیشت گوتیان : قسەكەی نوعەیم هاتەدی، ئینجا غەتەفان و قورەئش پێیان گوتن: سوێند بە خوا تەنیا منالێكیشتان بەبارمتە لا دانانێین.

بەنی قورەیزەش كەئەم هەواڵەیان بیست گوتیان :بەخوا قسەكەی نوعەیم بوو، ئەمان ە ئەیانەوێ ئێمە بەقڕ بدەن و خۆیشیان وەك بەرزی بانان بۆی دەرچن .[7]

بەم پێیە پلانەكەی نوعەیم سەری گرت و مت مانەی لەنێو سوپای دوژمندا نەهێشت و دووبەرەكی خستە نێوانیانەوە، پاش ماوەیەك هەرخێڵەی بۆشوێنی خۆی گەڕایەوە بێ ئەوەی بە هیچ ئاوات و ئامانجێكیان بگەن، بێگومان ئەو دەورەی نوعەیم شوێنە وارێكی گەورەی هەبوو لە ورە بەردانی قوڕەیش و هاو پەیمانەكانی لەلایەكەوە، و بەنی قورەیزەش لە لایەكی ترەوە . " وَرَدَّ اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِغَيْظِهِمْ لَمْ يَنَالُوا خَيْرًا ، وَكَفَى اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ الْقِتَالَ ، وَكَانَ اللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا"[8].

خوا بایەكی توندو قایمی بۆناردن وجێی پێ لێژكردن و بەخۆیان و كینەیانەوە گەڕ اندنیە دواوە، بێ ئەوەی هیچ سوودیك بەدەست بێنن، و هەرخوا خۆی موسڵمانانی لەجەنگ پاراست و بە(رەشەبا) سوپای كافرانی تێشكاند، و هەمیشە خوا بەهێزو بەدەسەلاّتە.

[7]- البداية والنهاية/ الجزء الرابع/ فصل في دعائه عليه السلام على الأحزاب.
[8]- سورة الأحزاب/25.

موسڵمان بوونی نوعەیمیش لەو کاتە سەخت و ناهەموارەدا لوتفێکی تری خوایی بوو، دە  نا لە کاتی وادا خەڵکی خۆی دەشارێتەوە، بەلاَم ئەو دێت موسڵمان دەبێت، تائەو دەورە گرنگە ببینێ، ئەمە ئەگەر لوتفی خوا نەبێ بەموسڵمانان چی ترە؟ جەنگی نوێ بایەخێکی زۆر گەورە بە قاو بلاَوکردنەوە دەدات بۆ تێکدانی ریزیسوپای دوژمن، ئەو بەشە  (واتە: ئیستیخبلرات) گرنگترین بەشە لە ریزی سوپاکانی سەربازی لەهەموو جیهاندا .

لێرەدا دەبێ بپرسین : ئەگەر پێغەمەر ﷺ بیهێشتایە هەواڵی پەیمان شکاندنەکەی بەنی قورەیزە لەسەرتاوە بلاَوببوایەتەوە چی رووی دەدا؟ بێگومان موسڵمانان ورەیان بەرئەداو خەندەقەکە تەواو نەدەبوو، ئەویش دەبووە هۆی تیاچوونی ئیسلام و موسڵمانان .

ئەگەر نوعەیم موسڵمان بوونی خۆی ئاشکرا بکردایە ئایا ئاوەها دەیتوانی دەور ببینێ و ریزی دوژمن تێك بدات وموسڵمانان لەو نارەحەتی و ناهەمارییە رزگار بکات؟

## وانەی حەوتەم:

جووەکانی خەیبەر هاوپەیمانی غەتەفان  بوون هەرکاتێك لەلایەن موسڵمانانەوە مەترسییەك رووی تێبکردنایە ئەوان لەسەریان دەکردنەوە، بۆ ئەوەی غەتەفان نەتوانن جم و جووڵ بکەن و بەرەو خەیبەر بکەونەرێ، پێغەمەر ﷺ لەگەڵ هاوەڵەکانیا لەمانگی موحەڕڕەمی ساڵی حەوتەمی کۆچیدا بەرەو غتەفان کەوتنەرێ، پێغەمەرﷺ بەم کارەی توانی وابکات لە غەتەفان بگەیەنێت کەموسڵمانان بۆ سەر ئەوان ئەچن، تاوەکو باش خۆیان قایم بکەن ونەتوانن بێن بۆ یارمەتی جووەکانی خەیبەر، ئینجا پێغەمەرﷺ بەرەو خەیبەر گەڕایەوە، بەلاَم مەفرەزەیەیکی نارد تا لەغەتەفان بدەن چونکە هێزێك  یان ناردبوو بۆ  یارمەتیدانی جووەکانی خەیبەر، مەف ـرەزەکە توانی ئ ـەرکەکەی بەسەر کەوتووییەوە ئەنجام بدات،  و لە ناوچەکەدا ترس و لەرزی خستە دڵی دوژمنەوە ، و غەتەفانی ناچار کرد ئەو هێزەی ناردوویانە بۆ یارمەتی جووەکانی خەیبەر  بیگێڕنەوە تا خۆیانی پێ بپارێزن .[9].

بەو جۆرە بەهۆیشاردنەوەی مەبەستەکەیەوە پێغەمەر ﷺ

9- البداية والنهاية/ سنة سبع من الهجرة/غزوة خيبر.

توانی  جووەکانی خەیبەر لە غەتەفانی هاوپەیمانیان دابڕێت، و بەتەنیا لەبەرامبەر سوپای ئیسلامەوە بیانهێڵێتەوە، کەئەمەش گەورەترین دەستکەوت بوو بۆ سوپای موسڵمانان و بوو بەهۆی ئازادکردنی ناوچەی خەیبەر..

## وانەی هەشتەم:

لەرزگارکردنی شاری مەککەی پیرۆزدا پێغەممەر ﷺ جوانترین شێوەی شاردنەوەی بەکارهێنا، ئەم جەنگە لەرەمەزانی ساڵ ی هەشتەمی کۆچیدا رووی دا، ئەم جەنگە لەبارەی بەکارهێنانی شاردنەوەی نهێنییەوە، گەورەترین وێنە بووە لە مێژووی جەنگی سوپاییدا، پێغەممەر ﷺ کەوتە خۆ رێکخستن و داوای لە موسڵمانان کرد کە هەموو خۆیان بۆ جەنگ ئامادە بکەن، بەلاَم بە کەسی نەگوت بۆ کوێ و چۆن و لەبەرچی؟ تەنانەت گ ەورەترین هاوەڵ ونزیکترین باوەڕ پێکراوی نەیدەزانی بۆ چ لایەك دەڕۆن؟ ئەبوبەکر رۆیشت بۆ ماڵ پێغەممەر ﷺ حەزرەتی عائیشە خەریکی کۆ کردنەوەی تفاق و ئازوخە رێکخستن بوو، گوتی : ئەرێ کچم عائیشە! پێغەممەر ﷺ بۆ کوێ دەچێ؟ گوتی : بەخوا نازانم، بەس فەرموویەتی تفاق ئامادە بکە . لەکاتی نزیك بوونەوەی بارکردن و رۆیشتندا پێغەممەر ﷺ دەری بڕی کەدەیەوێ بەرەو مەککە رێبکەوێ، ئەوکاتە ش خەڵکی بەم لاولادا ناردبوو تاچاودێری رێگەو بانەکان بن وئەوەی هەواڵ بۆ مەککە بنێرێ بیگرن و نەیەڵن ئەم هەواڵە بە قورەیش بگات، لەم کاتەدا پیاوێك بەناوی (حاتەبی کوڕی ئەبی بەلتەعە )بە ئافرەتێکدا نامەیەکی بۆمەککە نارد کە مەبەستەکەی پێغەممەری تیا نووسی بوو بۆیان.

پێغەممەر ﷺ بەم نامەیەی زانی عەلی کوڕی ئەبو تالیب و زوبەیری کوڕی عەووامی نارد تابەو ئافرەتە بگەن ، ئەوانیش رۆیشتن بەشوێنیاو نامەکەیان لێ سەند .

پاشان پێغەممەر ﷺ ناردی بەشوێن حاتەبدا و لیێ ی پرسی: چی پاڵی پێوە نایت ئەم کارە بکەیت؟ حاتەب گ وتی: ئەی پێغەممەری خوا! من باوەڕم بەخواو پێغەممەر نەگۆڕاوە، بەلاَم بەم کارەم ویستم پارێزگاری لە ماڵ و مناڵەکانم بکەم کە لەناو قورەیشا دەژین، دەنا هیچ نیازێکی خراپم نەبووە .[10] .

لەم کاتەدا عومەری کوڕی خەتتاب گوتی : ئەی پێغەممەری خوا! رێم بدە تا سە ر لەلاشەی ئەم مونافیقە جیا بکەمەوە . پێغەممەرﷺ فەرمووی: بێگومان حاتەب راستی پێگوتن، بێگومان ئەو لەبەدرا

10- البداية والنهاية/الجزء الرابع/ غزوة الفتح/ قصة حاطب بن أبي بلتعة.

بەشداری كردووە، و خوایش بەسەر دڵیانا ئاگادار بووە و فەرموویەتی: چیتان ئارەزووە بیكەن، بێگومان لێتان خۆش بووم.[11]، لەبەرئەوە پێغەممەر ﷺ لێی خۆش بوو، وە فەرمانی بەموسوڵمانان كرد رێزو گەورەیی تێكۆشانی ئەویان لەپێشچاو بێت .

هۆزەكانی دەوری مەدینە گەیشتن، و بەوانەوە ژمارەی سوپای موسڵمانان گەیشتە دە هەزاركەسێك، و بەرەو مەككە رۆیشتن و گەیشتنە ناوچەی (مرالظهران)، كەچوار قوناغ لەمەككەوە دوورە، لەوێدا بارگەیان خست وخێوەتیان هەڵدا . بۆ ئەوەی كافرەكان ورە بەربدەن، پێغەممەر ﷺ فەرمانی دا هەر موسوڵمانێك لە جێی خۆیەوە ئاگریك بكاتەوە، بەم جۆرە دە هەزار ئاگر لەو شەوەدا كرایەوە..

لەراستیدا ئەم نەخشەیەی پێغەممەر ﷺ سەر كەوتوبوو، وەهێزی ئەژنۆی قورەیشەكانی شكاند، بۆیە ئەبو سوفیان بەهەڵەداوان لەگەڵ چەند پیاو ماقووڵێكی تری قورەیشا بەرەو ئۆردوگاكە كەوتنە رێ تابزانن ئەمە چییە؟ كاتێ گەیشتنە پێشەوە ئەبوسوفیان گوتی : تا ئێستا نەئاگرو نە ئۆردووی وەك ئەم شەوم

11- سەرێك لە صەحیحی بوخاری بدە كتاب المغازي برقم: 3939، ومسلم برقم: 4550. والترمذي برقم: 3227، وأبوداود برقم:2279.

نەدیوە!!

قورەیش چاوەڕوانییان دەكرد موسڵمانان بدە ن بەسەر مەككەدا بەلاَم نەیاندەزانی كەی وچۆن و لەچ كاتێكدا دەبێ؟

بەو جۆرە كافرەكان چەواشە بوون و ورەیان بەرداو بێخوێن رشتن مەككە رزگاركرا.

بێگومان هۆی ئەو سەركەوتنەش پاش لوتفی خوا بۆ ئەم خالاَنەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

سوربوونی پێغەممەر ﷺ لە شاردنەوەی مەبەستەكانیدا.

سووربوونی هاوەڵەكانی لە پارێزگاری كردنی نهێنیدا، بە جورێكی وا هاوەڵێكی گەورەی وەك عومەر بێتە پێشەوە داوا لە پێغەممەر ﷺ بكات رێ‌ی بدات تا لەگەردنی حاتەب بدات چونكە پارێزگاری لە نهێنییەكەی موسڵمانان نەكردووە ..

دەرچوونی دەوریەی لەلایەن موسڵمانانەوە بۆ چاودێری كردنی رێگەوبان، تا لەلایەن مونافیقەكان ولایەنگرانیان هەواڵی بزووتنیان بەقورەیش نەگات، ئەمەش كارێكی زۆر گرنگ بووە، چونكە ئەگەر قورەیشەكان بیانزانیبا خۆیان ئامادە دەكرد و بەهێزی خۆیان و

**لایەنگرانیانەوە بەرەنگاری سوپای ئیسلام دەبوون و ئاوەها مەککە خێراو بێ خوێنڕشتن نەدەگیرا..**

# # #

## لەکۆتاییدا:

**خوێنەری بەڕێز!**

**خوا لەسوورەتی** الأحزاب **دا دەفەرموی :** (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ "").[12] **.واتە: بێگومان لە پێغەممەری خوادا سەرمەشقی جوا نتان بۆهەیە . هەروەك لای هەموان روونە ژیانی پێغەممەری خۆشەویستمان ﷺ هەمووی پەندو دەرس و ئامۆژگارییە بۆمان، کەوابوو با بەوردی ژیانی خۆی و هاوەڵە دڵسۆزەکانی بخوێنینەوە و ژیانیان بکەینە سەرمەشق بۆ ژیانمان .**

[12]- سورة الأحزاب/21.

## سەرچاوەکان:

الكتمان محمود شيث خطاب
صحيح البخاري.
صحيح مسلم.
سيرة ابن هشام.
الروض الأنف.
المغازي للواقدي.
البداية والنهاية.
زاد المعاد في هدي خير العباد.

## نـــــــــاوەرۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | پێشەكی. |
| | وانەی یەكەم. |
| | وانەی دووەم. |
| | وانەیسێیەم. |
| | وانەی چوارەم. |
| | وانەی پێنجەم. |
| | وانەی شەشەم. |
| | وانەی حەوتەم. |
| | وانەی هەشتەم. |
| | لەكۆتاییدا. |
| | ناوەرۆك. |


www.penjweny.org